حكومەتی هەرێمی کوردستان
ئەنجومەنی وەزیران
سکرتاریەت

حكومة اقليم كوردستان
مجلس الوزراء
السكرتارية

## بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (١٤١) لە ٢٠٢٢/٤/٦

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٧٩) لە ٢٠٢٢/٤/٦، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

**یەکەم:** ناردنی لیژنەیەکی باڵا بۆ بەغدا بە مەبەستی گفتوگۆکردن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان لە حکومەتی فیدراڵی بۆ برەودان بە هەماهەنگی لە بواری نەوت و وزە لەسەر بنەمای دەستوور و بە ڕەچاوکردن و پاراستنی دەسەڵاتە دەستوورییەکانی هەرێم لەم بوارە.

**دووەم:** لیژنەی پێکهاتوو بەپێی بڕگەی (یەکەم)ی سەرەوە پێکهاتووە لە بەڕێزان:

١. وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دانوستان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی.
٢. سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران.
٣. سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران.
٤. سەرۆکی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون.
٥. نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا.
٦. نوێنەری وەزارەتی سامانە سروشتییەکان.

**سێیەم:** گشت وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران